# بزووتنەوەی ریفراندۆم زیندووبۆوە



**محەمەد گەلاّلەیی**

لەم مانگی رابردوداو لە سەروبەندی ئەو رووداوانەی کوردستان وهاتنی میلیشایی سەدروگەڕانەوەی چەندان ماڵە عەرەب بۆ کەرکوك کە تا ئێستا بەردەوامە، لە راستیدائامارێکی دروستیش لەبەردەستدانیە کە ژمارەی ئەو ماڵە عەرەبە شیعانەو بەگشتی هاوردەکان چەندە، لەم سەریشەوە تۆپارانەکانی ئێران وکارە سنوور بەزێنەکانی وکۆکردنەوەی هێز لەلایەن تورکیا لەسەر سنووری وولاّتەکەمان کە رۆژ بەدوای رۆژ بەردەوامە، لەم رۆژانە بیستمان بزوتنەوەی ریفراندۆم هاتەوە مەیدانی کارکردن وکۆبونەوەکانی خۆی دەستپێکردەوە،جابەتەمایی خواوحزبەکان بزانیین ئەم جارە چی دەکەن، چونکو لە کوردستان هەموو شتێك رۆحی لەبەرەوئیش دەکات وبەشێوەیەك جاهەر چۆنێك بێت، بەلاّم ناتوانێت چالاکی گەورەوباش بنوێنێت، تاحزبی دەستەلاّتدار فەرمانی پێنەدات ورەزامەندی نەنوێنێت لەسەرکاروچالاکیەکانی، واتا بەکورتی حزبە دەستەلاّتدارەکان وایان لێهاتووە کە ئەوان رۆح نەدەنە شتێك ئەوا ناتوانێت کاربکات، خواستیان لێی بێت زیندووی دەکەن ودەشی مرێنن.بۆیە بزوتنەوەی ریفراندۆمم وەکو پەرلەمانە سەقەتەکەی ئەو پانزەساڵەیەی رابردوو دێتە بەرچاوم، بینیمان یەك دەوەرە بوو، ئێستاش خولی دووەمیەتی هەر ئیفلیجەوناتوانێت یەك هەنگاویش بچێتە پێش ودەنگیش بۆ یاسایەك بدات، تا مەکتەبی سیاسیەکانی یەکێتی وپارتی رازی نەبن لەسەری،ئەمەش رێك لەسەر بزووتنەوەی ریفراندۆم جیٚ بەجیٚ دەبێت جارێکی ترئەلّێم دەلّێی پەرلەمانی دووەمی کوردستانە،لەبەرئەوەی دیارە تامەترسی بۆ سەرحزبەکان وئاخیریش بۆ کوردستان پەیدانەبێت، وەکو ئەوەی لەم دواییە روویدا کە هاتنی هێزەکانی سەدروگەرانەوەی ماڵە عەرەبەکان وبەتەعریببوونەوەی جارێکی تری شاری کەرکوك، دەبینین پاش شەش مانگ لەئاشکرابوونی ئەم کارانە تازە بزووتنەوەی ریفراندۆم دێتە هۆش خۆی بۆ بەرگرتن لەم کارەوگەراندنەوەی بۆ سنووری هەرێمی کوردستان جالێرەدا ئەم زیندبوونەوەیش بە ئەمری کیٚ؟ بەلّیٚ: بەئەمری حزبە دەستەلاّتدارەکان وحزبەکانی ترکە ئەمرێکی ئاراستەکراوی زیندووکرەوەیان بۆ ناردوون وپێیان ووتون: ئەم چەند مانگەش وەرن کارمان لەگەلٚ بکەن، بۆئەوەی هیزەکانی سەدروماڵە عەرەبەکان برۆنەدەرەوە لە کوردستان، چونکو لە قسەکانی بەرێز(هەلّکەوت عەبدوللاٚ)دیاربوو کە ئێمە کاردەکەین ئەم ماوەیە بۆ کێشەی کەرکووك وگەرانەوەی بۆ باوەشی کوردستان.بۆیە جارێکی تریش دەبینین کە بزوتنەوەی ریفراندۆم لە قەبری حزبە دەستەلاّتدارەکان دێتە دەرەوە بۆ سەر کارێکی تری قورسیان رەوانە کردووە، بەحزبەکان بەخۆیان نەکراوە دەیانەوێت بەکۆلٚ ئەوبزوتنەوە دەستکردەوە بکەن،ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەمەنەیان هەلّبژاردوون وئەم کارەش بکەن، چونکو دەیانەوێت زیاترشەرعیەت بدەنە ئەو کارەی خۆیان وبەومانایەی حزبەکان دەزانن بزوتنەوەی ریفراندۆم زیاتر بنکەیەکی جەماوەری سەربەخۆیی خوازە، بەلاّم لە هەقیقەتیشدا وانییە چونکو زۆربەی هەرەزۆری ئەندام وسەرپەرشتیاری ئەم بزوتنەوەیە حزبین گەرنا لایەنگیری یەك لە دووحزبە گەورەیین، ئەمانە سەربەخۆیی خوازنین لەبەرئەوەی دەبینین کارەکانیان بەردەوامبوونیان نیەوبەرنامەی کارەکانیان بەخشتەیەکی زەمانی راناگەێنن وئەوەمان دێتە بیر وەکو خولەکانی پەرلەمان وایەو،هاوتەریبە لە شێوەی کارەکانی پەرلەمانە پیرەکەی گەلەکەمان و،بگرە خراپتریشە.بۆیە ئەوە دەلّێم کە هەموومان بەبیرمان دێت چیان بە بزوتنەوەی ریفراندۆم کرد لە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان لەکاتی نووسینەوەی دەستوور کە چەندان خۆپیشاندان وسەرپەرشتی ئەم کارەیان پێکردن، تاوەکو داوای سەربخۆیی کوردستان بکەن وجیابوونەوە رابگەینێن، تابرا عەرەبە چاورەشەکان بێنە خواریٚ لە هەلّوێستەکانیان لەسەر دیاریکردنی مافەکانی

**کورد، لەلایەکی تریشەوە داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین وەکو کارتێك لە دوولایەوە بەلاَم بەداخەوە هەمووی بەفیڕۆ ڕۆیی ونەئێوە ونەحزبەکانیش هیچیان پێنەکراوهەتا ئەندامێکی بالاَی بزوتنەوەکەتانیش لە پۆستی وەزاری بەدەرکردندائەویش بەرێز(فەتاح زاخۆیی)بوو.ئێوە ئەم هەموو خۆپیشاندانەتان دەکرد لە کاتی نووسینەوەی دەستوور بۆمافی چارە خۆنووسین، بۆ داواتان لە یەکێتی وپارتی وسەرجەم حزبەکوردستانیەکان ناکرد تاوەکو هەرنەبێت یەك لەئەندامەکانی ئێوە بەرن بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراق؟ کاری ئەو ئەندامەش کە لیژنەکەدا ئەندام دەبوو پێداگیری کردبووایە لەسەر مافەکانی گەلی کوردو بەتایبەتیش بەشێوەیەکی زانستی وجوان کێشەی مافی چارەخۆنووسین وتێگەیشتنی راستیەکەی وچەسپاندنی لە دەستووردا لەگەلْ هەبوونی گەرەنتی بۆ ئەومافە کاری بکردایەوگەرنەشبووایە شتێکی ئاسایی بوو، بەلاَم بۆ چەند سالْی داهاتوو هەر کاریگەری دەبوو کارەکەی بزوتنەوەی ریفراندۆم، جاکەواتە ئێوە نەتان توانیوە بچنە ناو هۆلی گفتوگۆوچارەنووسازەکانی گەلی کورد، لەراستیدا ئێوە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن، واباشە یان بمرن یان تا هەتا هەتایە ببنە بزووتنەوەیەکی ئیجابی خوازی کوردستان، بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەیخۆنووسین.  تاکەی لە قەبری ئەوحزبانە بن و وەرنە دەرەوەویانیش پێتان خۆشە لە دیوەخانەکانی حزبەکان بن ئەوا دەرفەت بدەنە کەسانی تروبۆخۆتان دانیشن بەخێر.بەرای من ئەو حزبەی پانزە سالْ بوو لە شاخ پێی نەکرا مافی چارەی خۆنووسین بەدەست بهێنێت کەدەیووت "مافی چارەی خۆنووسن لەسەر سنگمان دەنووسین"ئێوە لەناو قەبری حزبەکاندا چۆن پێتان دەکرێت ئەومافە وەکو ئەفسانەیەکە بۆ هەر کوردێك لەم جیهانەدا کە دابین بکرێت، لەدوا رۆژیشدا ئێمەونەوەکانیشمان لێی پالْدەینەوە لەو کوردستانە خۆشە خەممان نەبێت، نەك هەموو رۆژو سالێك ببیستین ئێران تۆپبارانماندەکاتن یان میلیشایی سەدر هاتووە دەیەوێت کەرکوك بە تەعریبی شیعەگەرا بکاتەوە،لەلایەکی تریشەوە تورکیا هێز کۆدەکاتەوە لەسەر سنوورەکانی باشوری کورستان،ئەگەر ئێوە لەسەر ئەو پەیرەو کارە برۆن مێژووی راستەقینە دەتان کاتە، پاشکۆی حزبەکانوژیانتان وەکو کادیری حزبەکان دەنوسرێتەوەوهەلسەنگاندنی تایبەتی بۆ دەکرێت.**

**2005/8/7_یەکشەمە**

**باشووری کوردستان_شاری سۆران**